# سوورێژە

**پاراستنی منداڵان لە سوورێژە بە کوتانی MMR**

ژمارەی ئەو منداڵانەی تووشی سوورێژە بوون لە بەریتانیا بەرزترین رێژە بووە کە لەماوەی ئەو دەساڵەی دواییدا تێبینی کرابێت. بۆئەوەی منداڵ پارێزراو بێت لە سوورێژە پێویستی بە دوو ژەم کوتانی MMR هەیە. منداڵ لەهەر تەمەنێکدا بێت ئەگەر کوتانی سوورێژەی وەرنەگرتبێت ئەوا هێشتا دەتوانێت کوتانەکە وەربگرێ بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشییەکە نەبێت .

## بۆچی سوورێژە لە زیادبووندایە؟

لە ناوەراستی نەوەدەکاندا بڵاوبوونەوەی سوورێژە لە بەریتانیا راوەستابوو چونکە زۆربەی منداڵان کوتانی MMR یان وەردەگرت. لە ساڵی 1998 ـەوە قسەی ژمارەیەکی کەم تویژەرەوەوە سەبارەت بە سەلامەتیی کوتانەکە بووە مایەی سەرنجێکی زۆری چاپەمەنی و میدیاکان. گەرچی ئەو قسانە بەتەواوی پووچ کراونەتەوە، منداڵانی ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەی کە بریاریان دا منداڵەکانیان نەکوتن، هێشتا بە نەکوتراوی ماونەتەوە. ئێستا رێژەی کوتانی منداڵانی پێش قوتابخانە نزیک بۆتەوە لە رێژەی کوتانی ناوەراستی نەوەدەکان. لەگەڵ ئەوەشدا وا خەمڵێندراوە کە نزیکەی 80,000 منداڵ لە وێڵز یەک یا هەردوو ژەمەکەی کوتانی MMR یان لە کیس چووە. سوورێژە لەناو ئەم منداڵانەدا کە تەمەنیان گەورەترە دەتوانێت بەئاسانی بڵاوببێتەوە.

## ئایا سوورێژە ترسناکە؟

بەڵی، سوورێژە دەشێت ترسناک بێت وە هۆکارەکەیشی ڤایرۆسێکی زۆر درمە. نزیکەی هەموو ئەوکەسانەی تووشی دەبن نەخۆش دەکەون و دووچاری تای بەرز و پەڵەی پێست دەبن. بە شێوەیەکی تێکڕا ئەو منداڵەی تووشی سوورێژە دەبێت ناچار دەبێت نزیکەی پێنج رۆژ لە ناو جێگەدا بکەوێت و رەنگە بۆ ماوەی دە رۆژ نەتوانێت بچێتە قوتابخانە. لە گەورەکاندا نەخۆشییەکە ئەگەری ئەوەی هەیە زیاتر درێژە بکێشێ .

لە نزیکەی هەر پازدە منداڵ یەکێکیان دووچاری ماکی ترسناکتر دەبن. ئەمانەش بریتین لە سکچوون، هەوکرنی گوێچکە، هەوکردنی سییەکان، گەشکە، هەوکردنی مێشک (سووتانەوە و ئاوسانی مێشک) و زیانبینیی مێشک. سوورێژە دەشێت کوشندە بێت و هێشتا ساڵانە 200,000 منداڵ لە جیهاندا بە سوورێژە دەمرن .

## ئایا دەشێت منداڵەکەی من  بە سوورێژە بمرێت؟

توێژینەوەکان ئەوەیان نیشان داوە لە هەر 1,000 کەس کە تووشی سوورێژە دەبن یەک تا سێ کەسیان بەهۆی نەخۆشییەکەوە یان بەهۆی ماکەکانیەوە دەمرن .

جێگەی داخە لەم ساڵانەی دواییدا دوو لاو بەهۆی سوورێژەوە لە بەریتانیا مردوون کە یەکێکیان تەمەنی 13 ساڵ بوو لە 2006 دا ئەوی تریشیان تەمەنی 17 ساڵ بوو لە حوزەیرانی 2008 دا- ئەم دوو کەسە کێشەیان هەبوو لە سیستەمی بەرگری لەشیاندا بۆیە کوتانی MMR یان وەرنەگرتبوو .

ئەگەر رێژەی وەرگرتنی کوتان لە ناو دانیشتواندا بەگشتی بەرزبێت ئەوا منداڵی وەک ئەمانەش کە لە مەترسی تووشبووندان بە نەخۆشییەکە، بە شێوەیەکی باشتر پارێزراو دەبن لە تووشبوون بە سوورێژە و ملەخڕە و سوورێژەی ئەڵمانیایی (روبێلا ).

## ئایا منداڵەکەی من مەترسیی تووشبوونی هەیە؟

سوورێژە یەکێکە لە درمترین نەخۆشییە ناسراوەکان. کۆکە و پژمە دەتوانن ڤایرۆسی سوورێژە بە ناوچەیەکی فراواندا بڵاوبکەنەوە. لەبەرئەوەی نەخۆشییەکە ئەوەندە درمە، ئەگەر منداڵەت بە کوتان نەپارێزرابێ ئەوا بەدرێژایی ژیانی مەترسی تووشبوونی سوورێژەی دەبێت. کەواتە پێدەچێ زوو یا درەنگ منداڵەکەت تووشی سوورێژە ببێت ئەگەر هەر بەنەکوتراوی بمێنێتەوە .

مەترسی تووشبوون لەو منداڵانەدا بەرزترینە کە کوتانی MMR یان وەرنەگرتووە. ئەو منداڵانەی یەک ژەمی کوتانەکەیان وەرگرتووە پێویستیان بە ژەمێکی ترە بۆ دڵنیابوون لەوەی بەتەواوی پارێزراون. هەندێک منداڵ ناتوانن کوتانی MMR وەربگرن چونکە هەندێک نەخۆشیی وایان هەیە سیستەمی بەرگریی لەشیان لاوازدەکات وەک لوکیمیا (شێرپەنجەی خوێن). ئەم منداڵانە تەنیا بەوە پارێزراو دەبن ئەگەر بێتو رێژەیەکی ئەوەندە لە منداڵانی تەندروست کوتانیان وەرگرتبێت کە ببێتەهۆی ئەوەی رێگە لە بڵاوبوونەوەی سوورێژە بگرێت .

## ئایا پێویستە من چی بکەم؟

خێراترین و بەکارترین رێگە بۆ رێگرتن لە سوورێژە بەوەدەبێت دڵنیا ببیت لەوەی منداڵەکەت بەتەواوی کوتانی MMR ی وەرگرتووە. بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستە منداڵەکەت لەتەمەنی 13 مانگیدا کوترابێت و دیسانیش لە تەمەنی سێ ساڵ و چوارمانگیدا یا کەمێک لەوە پاشتر بکوترێتەوە. ئەگەر منداڵەکەت یەکێک (یان هەردوو) ئەم کوتانانەی لەکیس چووە، ئەوا پێویستە پەیوەندی بکەیت بە بنکەی تەندروستیی خۆتەوە (جی پی) بۆ ئەوەی وادەی کوتانت بۆ دیاری بکەن.

شتێکی گرنگە منداڵەکەت کۆرسی تەواوی کوتانی MMR وەربگرێت و دوو جار کوترابێت. هەرگیز کات درەنگ نیە بۆ کوتانی منداڵەکەت .

## من لە یادم نیە ئاخۆ منداڵەکەم کوتانی MMR ی وەرگرتووە یان نا

سەیری تۆماری تەندروستیی تایبەت بە منداڵەکەت بکە (نامیلکە سوورەکە). رەنگە لەوێدا تۆماری ئەو کوتانانەی تێدا بێت کە منداڵەت وەریگرتووە. ئەگەر هێشتا دڵنیا نەبوویت ئەوا پەیوەندی بکە بە بنکەی تەندروستیی خۆتەوە و داوای رێنمایی بکە .

ئەگەر گومان هەبێت سەبارەت بەمە ئەوا باشتر وایە کوتانەکە وەربگرێت. ژەمێکی زیاتر هیچ مەترسییەکی گەورەی نیە بۆ تەندروستیی منداڵەکەت ئەگەر پێشتریش یەک یا تەنانەت هەردوو ژەمەکەی MMR ی وەرگرتبێت .

## منداڵەکەم ژەمی جیابەجیای کوتانی سوورێژە و ملەخڕەو سوورێژەی ئەڵمانیایی وەرگرتووە، ئایا هێشتا دەتوانێت MMR وەربگرێت؟

بەڵێ، ئەگەر منداڵێک لەدژی هەریەکێک لەم نەخۆشییانە نەکوترابێت، ئەوا ئێمە پێشنیاری دوو ژەمی MMR دەکەین. ئەگەر دایک و باوک دڵنیا نەبن ئاخۆ منداڵەکانیان بە کوتانی جیابەجیا لەو نەخۆشییانە پارێزراون، ئەوا دەکرێ MMR وەربگرن. مەترسی لەسەر منداڵەکەت نیە بە وەرگرتنی دوو ژەمی MMR تەنانەت ئەگەر پێشتر هەندێک کوتانی جیابەجیای وەرگرتبێت. دەتوانیت لەگەڵ پزیشکەکەت یان سەردانکەری تەندروستی یان پەرستیاری بنکەی تەندروستیەکەتدا باسی ئەم بابەتە بکەیت .

## من هێشتا نیگەرانم لەوەی بەیەک دەرزی سێ جۆرکوتان لە منداڵەکەم بدرێت

سیستەمی بەرگریی منداڵ وا دارێژراوە هەر لە لەدایکبوونەوە بتوانێت وەڵامی ژمارەیەکی زۆر میکرۆب و هەوکردن بداتەوە. وەڵامدانەوە بۆ کوتان تەنیا بەشێکی زۆرکەم لە توانای سروشتیی منداڵەکە بۆ وەڵامدانەوەی مەترسی بەکاردەهێنێت- تەنانەت گاگۆڵکێ لەسەر زەوییەکی پاکیش مەترسیی زیاترە بۆ سیستەمی بەرگریی منداڵ تا لە مەترسیی کوتانی وەک MMR .

وەرگرتنی دوو ژەمی کوتانی MMR منداڵەکەت لە سێ نەخۆشیی سوورێژە و ملەخڕە و سوورێژەی ئەڵمانیایی دەپارێزێت. ئەم سێ نەخۆشییە هەریەکەیان دەتوانێ لە لاوێتیدا دەرەنجامی زۆر مەترسیداری لێ بکەوێتەوە .

## ئایا کوتانی MMR هیچ کاریگەریی لاوەکیی هەیە؟

هەموو کوتانەکان لەوانەیە ببنە هۆی هەندێک کاریگەریی لاوەکی وەک ئازاری شوێنی دەرزییەکە. ئەو سێ ڤایرۆسەی لە کوتانی MMR دان لە کاتی جیاوازدا دەکەونە کار و پاش ژەمی یەکەم دەتوانن ئەم کاریگەرییە لاوەکییانەی خوارەوە بەرهەم بێنن:

- شەش تا یازدە رۆژ پاش کوتان، نزیکەی یەک لە دە منداڵ لەوانەیە تووشی تایەکی کەم ببێت و هەندێکیشیان لەوانەیە پێستیان پەڵەی وەک ئەوەی سوورێژە دەربکات و ئارەزووی خواردنیان کەم بێتەوە. ئەمە کاتێک روودەدات کە بەشی سوورێژەی کوتانەکە دەکەوێـە کار و بەگشتی دوو سێ رۆژ درێژە دەکێشێت .

- نزیکەی یەک منداڵ لە 1,000 منداڵی کوتراو لەوانەیە بەهۆی تاوە تووشی گەشکە ببێت. ئەمە پێی دەوترێت "گەشکەی تادار" و لەوانەیە لەگەڵ هەر جۆرە تایەکدا روو بدات نەک هەر تای کوتان. بەڵام ئەگەر منداڵێک نەکوترابێت و تووشی سوورێژە ببێت، ئەگەری تووش بوونیان بە گەشکە پێنج ئەوەندەیە.

- بەدەگمەن لەوانەیە منداڵ دوو تا سێ هەفتە پاش کوتان تووشی نیشانەی وەک هی ملەخڕە ببێت (تا و ئاوسانی لووەکان) کاتێک بەشی ملەخڕەی کوتانەکە دەکەوێتە کار .

- زۆر بەدەگمەن شەش هەفتە دوای کوتان لەوانەیە منداڵ تووشی پەڵەی پێست ببێت لە شێوەی خاڵی بچووکی وەک رووشاندا. ئەمە زۆربەی کات خۆی چاک دەبێتەوە. ئەگەر خاڵی لەم جۆرەت بەدی کرد، ئەوا منداڵەکەت ببە با پزیشک پشکنینی بۆ بکات. پزیشکەکە پێت دەڵێت کە چی لەم پەڵانە بکەیت .

- لە هەر یەک ملیۆن منداڵ کەمتر لە یەک منداڵ پاش کوتان تووشی هەوکردنی مێشک دەبن (سووتانەوە و ئاوسانی مێشک) و بەڵگەی زۆر کەمیش لەبەردەستدایە سەبارەت بەوەی ئەمە بەهۆی کوتانەکەوە رووبدات. بەڵام خۆ مەترسی تووشبوون بە هەوکردنی مێشک لەکاتی نەخۆشی سورێژەدا لە نێوان یەک منداڵ لە 200 و یەک منداڵ لە 5,000 منداڵدایە.

پزیشکەکەت، سەردانکەری تەندروستی یان پەرستیاری بنکەی تەندروستی دەتوانن بە شێوەیەکی درێژتر باسی ئەم شتانەت لەگەڵ بکەن .

## ئەی کاریگەرییەکانی پاش کوتانی دووەمی MMR ؟

دەشێت هەمان ئەو کاریگەرییانە رووبدەن کە لەسەرەوە باسکران بەڵام ئەگەری روودانیان زۆر کەمترە .

## من هێشتا نیگەرانی ئەوەم MMR ببێتە هۆی ئۆتیزم

زیاتر لە سی ساڵە کوتانی MMR بە شێوەیەکی بەربڵاو لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت. زیاتر لە 500 ملیۆن ژەمی ئەم کوتانە لە زیاتر لە 100 وڵاتدا بەکارهاتووە. ئەو توێژینەوەیەی یەکەمجار باسی ئەم پەیوەندییەی کرد ئێستا بەتەواوی پووچ کراوەتەوە. برێکی ئێجگار زۆر توێژینەوە ئەنجام دراوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم پەیوەندییە باسکراوە و ئێستا بەڵگەی ئێجگار زۆر لەبەردەستدایە کە MMR نابێتە هۆی ئۆتیزم. کوتانی MMR وەک هەموو ئەو کوتانە رۆتینییەکانی تر سەلامەتە کە منداڵەکانمان وەری دەگرن بۆ پاراستنیان لە نەخۆشیە درمە مەترسیدارەکان .

## منداڵەکەم هەستیاریی هەیە بەرامبەر بە هێلکە- ئایا دەتوانێت کوتانی MMR وەربگرێ؟

دەکرێت کوتانی MMR بدرێت بەو منداڵانەش کە هەستیاریی زۆر توندیان هەبووە (کاردانەوەی ئەنافیلاکسی) بۆ هێلکە. ئەگەر هەر نیگەرانییەکت هەیە قسە لەگەڵ پەرستیاری بنکەی تەندروستی، سەردانکەری تەندروستی یان پزیشکەکەت بکە .

MMR سەلامەتترین ڕێگەیە بۆ پاراستنی منداڵەکەت لە سووریژە، جگەلەوەش لە ملەخڕەو سوورێژەی ئەڵمانیاییش دەیپارێزێت.

## لەکوێ دەتوانم زانیاریی زیاترم دەست بکەوێ؟

دەتوانیت قسە لەگەڵ پزیشکەکەت، سەردانکەری تەندروستی یان پەرستیاری بنکەی تەندروستی بکەیت، یان تەلەفۆن بکە بۆ **NHS Direct Wales** بە ژمارەی **0845 46 47**

بۆ زانیاری تەواو دەربارەی کوتانی MMR کە سوورێژەشی تێدایە سەردانی ئەم دووماڵپەڕە بکە :
**www.mmrthefacts.nhs.uk**
**www.immunisation.nhs.uk**

ئەم لیفلێتە لەسەر ماڵپەڕی کوتانی حکومەتی وێلز Welsh Assembly Government دەست دەکەوێت .
**http://new.wales.gov.uk/topics/health/ protection/immunisation/leaflets/?lang=en**

بەم زمانانەی خوراەوە :

عەرەبی
بەنگاڵی
بولگاریایی
چینی
چیکی
فارسی
فەرەنسایی
گوجاراتی
هندی
ئینگلیزی
لینگالا
پۆڵۆنیایی
پورتوگالی
پەنجابی
رووسی
سۆماڵی
ئیسپانیایی
سواهیلی
تاگالۆگ
ئوردو(نەسخ)
ڤیێتنامی

کۆپیی زیاتری ئەم لیفلێتە لە بنکەی بڵاوکراوەکانی حکومەتی وێلز دەست دەکەوێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە:
**assembly-publications@wales.gsi.gov.uk**

یاخود بە تەلەفۆن بە ژمارەی **029 2082 3683** (لە نێوان کاتژمێر 8 ی بەیانی تا 5 ی پاش نیوەڕۆدا) ، ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی .

بۆ هەر پرسیارێک سەبارەت بەم لیفلێتە پەیوەندی بکە بە

Health Protection Division
Welsh Assembly Government
Cathays Park
Cardiff
CF10 3NQ

Tel:
029 2082 5397 or
029 2082 5410